# پەناگەی ئارام

ئامادەکردنی: ڕێکخراوی جیهانی دەرچووانی ئەزهەر

وەرگێرانی: مەلا ئەمیر گەردی

شەریعەتی پیرۆزی ئیسلام پارێزگاری لە خوێن ومالّ و ئابڕووی تاکی موسڵمان دەکات، ئەمەش لە ڕێگەی حەرامکردنی کوشتن و دزی و داوێنپیسی و تۆمەتهەڵبەستن، سزای توندی بۆ ئەنجامدەرانی ئەم تاوانانە داناوە، بۆ پارێزگاریکردن لە بەهای پاکی و سەلامەتی کۆمەڵگە.

هەر بۆ هەمان مەبەست، سزای توندی بۆ ترساندن و تۆقاندنی خەڵکی داناوە، خوای گەورە دەفەرموێ: ( إِنَّمَا جَزَاءُ الَّذِينَ يُحَارِبُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَيَسْعَوْنَ فِي الْأَرْضِ فَسَاداً أَنْ يُقَتَّلُوا أَوْ يُصَلَّبُوا أَوْ تُقَطَّعَ أَيْدِيهِمْ وَأَرْجُلُهُمْ مِنْ خِلَافٍ أَوْ يُنْفَوْا مِنَ الْأَرْضِ ذَلِكَ لَهُمْ خِزْيٌ فِي الدُّنْيَا وَلَهُمْ فِي الْآخِرَةِ عَذَابٌ عَظِيمٌ) ﴿المائدة: ٣٣﴾.

بێگومان ئەو هەموو دەردەسەریەی مرۆڤایەتی بەهۆی تۆقاندن -ئیرهاب- ـەوە دەیچێژێ؛ کارەساتێکی گەورەیە، هەربۆیەش دەبێ هەموو بیرمەندان یەکدەست و یەکدەنگ بکات بۆ لەناوبردن و قەلاّچۆکردنی.

روبەڕووبوونەوەی تیرۆر؛ بەرلەوەی ئەرکێکی ئایینی و پەیوەست بە دەزگاکانی ئاسایشەوە بێت، بووەتە ئەرکێکی مرۆڤایەتی، چونکە زیانەکانی فرە لایەن بووە و بەرژەوەندی هەموو مرۆڤایەتی خستۆتە مەترسیەوە و جیاوازی لەنێوان هیچ یەکێك لە ئاییەنەکان، یان ولاٌتەکان، یانیش رەگەزەکاندا دا ناکات.

لەوانەیە رێکار و شێوازەکانی راوەستان بەرەو ڕووی ئەم کارەساتە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە، بە گوێرەی توانا و دەستەلاٌتیان بگۆڕدرێ، بۆ نموونە: زانایان و وتارخوێنان لە رێگەی باسکردنی حوکمی شەرعی ئەم تاوانە و ئاگادارکردنەوەی موسڵمانان لەو جەنگە هزریەی روبەروویان بۆتەوە بێنە مەیدان و بەم شێوەیە هەمووان بەرچاویان رۆشن بێت و بەکاری خۆیان هەڵبستن.

ئەو بەشەی کە زیاتر ئەرکی ئەم روبەرووبوونەوەیە قورستر دەکات، ئەوە یە کە چاوپۆشیان لێبکرێ، یان بە جۆرێك لە جۆرەکان لە هەندێك ولاٌت، یان لە لایەن هەندێك دەزگا و دامەزراوە و کەسایەتی پارێزگاریان لێبکرێ و پەناگەی ئارامیان بۆ دابین بکرێ، بەهۆیەوە بتوانن درێژە بە تاوانە تیرۆرستیە ڤێزەونەکانیان بدەن لە دژی مرۆڤایەتی.

بێگومان ئایینی پیرۆزی ئیسلامیش دالٌدەدانی تیرۆرستانی بە یەکێك لە گوناهە هەرەگەورەکان هەژمارکردووە، چونکە ئەم کاولکاری و کۆکوژیەی ئەو تاوانبارانە ئەنجامیدەدەن، خودی ئەو خراپەکاری و سنووربەزێنیەیە کە ئیسلام رێگری لێدەکا و فەرمانیشیکردووە کە جەنگیان لە دژبکرێ تا ئەوکاتەی دەسهەڵدەگرن لە ئازاردانی هاولاٌتیان، کە ئەمان ئەم کارەی خۆیان بە جیهاد ناودەبەن، بۆ چاوبەستن و خۆڵکردنە چاوی خەڵکی سادە و بێئاگا.

خوای گەورەش دەفەرموێ: (وَتَعَاوَنُوا عَلَى الْبِرِّ وَالتَّقْوَى وَلَا تَعَاوَنُوا عَلَى الْإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ) المائدة: ٢. پێغەمبەری خوا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێ: (من أعان على قتل مسلم ولو بشطر كلمة، لقي الله وهو مكتوب بين عينيه: آيس من رحمة الله). رواه ابن ماجه.

هەروەها لە فەرمودەیەکی تردا دەفەرموێ: (من آوَى مُحْدِثا، فعَلَيْهِ لَعْنَةُ اللهِ وَالْمَلَائِكَةِ وَالنَّاسِ أجْمَعِينَ، لَا يَقْبَلُ اللهُ مِنْهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ صَرْفًا، وَلَا عَدْلًا. رواه البخاري ومسلم.

ئیمامی نەوەوی -رەحمەتی خوای لێبێت- دەفەرموێ: قاضی عەیاض دەربارەی واتای ئەم فەرمودەیە فەرمویەتی: مەبەست لێی ئەوەیە کە کەسێك تاوانێك بکات، یان دالْدەی تاوانبارێك بدات و بیپارێزێت. کە دەشفەرموێت: (فعَلَيْهِ لَعْنَةُ اللهِ) ئاگادارکردنەوەو سزاییێکی بەهێزە و بەڵگەشە لەسەر ئەوەی کەئەم تاوانە لە گوناهە گەورەکانە.

پێشەوا –ابن حجر الهيتمي- رەحمەتی خوای لێبێت، هەر لەم بارەوە فەرموویەتی: (گوناهی سێسەد و پەنجا و یەکەم لە تاوانە گەورەکان؛ بریتیە لە: دالْدەدانی تاوانباران و شاردنەوەیانە لە دەست و چاوی ئەوانەی دەیانەوێ حوکمی شەرعییان لەسەر جێبەجێ بکەن..).

کەواتە بۆمان روون بووەوە؛ تاك بە تاکی کۆمەڵگە و تێکڕای پێکهاتە و دامودەزگاکانی، بەرپرسن لە روبەروبەروبوونەوە و بەرەنگاربوونەوەی ئەم تاوانبار و سنووربەزێنانە، هەریەکێك بە گوێرەی دەسەڵات و توانای خۆی، چونکە ئیسلام فەرمانی دەرکردووە، کە دەبێ دەستی ستەمکار بگیرێ و نەهێڵرێت ستەم بکات، پێغەمبەری خوا -صلى الله عليه وسلم- لەوە ئاگاداری کردوویننەتەوە کە نابێ چاوپۆشی تاوانباران بکرێت، ئەگینا تووشی سزای خوایی دەبن و کەشی تاوان و خراپەکاریش تەشەنە دەکات،ئەوەتا پێغەمبەری خوا -صلى الله عليه وسلم-: («إِنَّ النَّاسَ إِذَا رَأَوْا الظَّالِمَ فَلَمْ يَأْخُذُوا عَلَى يَدَيْهِ، أَوْشَكَ أَنْ يَعُمَّهُمُ اللهُ بِعِقَابِهِ)» أخرجه الإمام أحمد وأبو داود والترمذي وصححه.

